ISSN: 1999-5601 (Print) 2663-5836 (online)

Lark Journal

Available online at: https://lark.uowasit.edu.iq

# Soft Skills in Contemporary Educational Philosophy

*Corresponding author:
**M. H. Almazare Ismail Jamal**
Kindergarten Department, Faculty of Primary Education, University of Raparin
**Email**: jutyar.jamal@uor.edu.krd
**S. H. Aram Qader Saber**
Department of Philosophy, Faculty of Humanities, University of Raparin
Email: aram.sabir@uor.edu.krd

**Keywords**: (skills, soft skills, education, contemporary philosophy of education).

A R T I C L E I N F O

Article history:
Received 30Nov 2024
Accepted 31Nov2024
Available online 1 Jan 2025

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

## A B S T R A C T

If the backbone of ancient education was to physically raise a child to become a physically strong person; education nowadays has become about preparing the individual with a number of skills, and education is no longer limited to providing information and enhancing children's memory, social skills, and politeness...etc.

The philosophy of education is a philosophical vision of education and the interpretation and analysis of educational phenomena, values, tasks, methods, systems, and policies from a philosophical and aesthetic perspective that aims to identify the shortcomings and correct aspects of education and correct them within the educational field institutions in formal education and all other fields at home and work.

Lifestyles, tasks, and needs change under the influence of rapid changes, which requires continuous scientific research and follow-up in the field of education, its goals, and programs, which changes skills and provides evidence and courage in decision-making. The skill includes other skills such as "learning how to learn", in addition to "social and civic" skills, each of which is considered a modern skill currently practiced in developed countries.

© 2025 LARK, College of Art, Wasit University

DOI: https://doi.org/10.31185/lark.4005

المهارات الناعمة في الفلسفة التربوية المعاصرة

م. ه. المزارع إسماعيل جمال قسم رياض الأطفال كلية التعليم الابتدائي جامعة رابرين
س. ه. آرام قادر صابر قسم الفلسفة، كلية العلوم الإنسانية، جامعة رابرين

**الملخص**

ذا كان العمود الفقري للتعليم القديم هو تربية الطفل جسديًا ليصبح شخصًا قويًا جسديًا؛ أصبح التعليم في أيامنا هذه عبارة عن إعداد الفرد بعدد من المهارات، ولم يعد التعليم يقتصـــر على توفير المعلومات وتعزيز ذاكرة الأطفال ومهاراتهم الاجتماعية والكياسة...إلخ.

فلســـفة التعليم هي رؤية فلســـفية للتعليم وتفســـير وتحليل الظواهر والقيم والمهام والأســـاليب والنظم والسياسات التعليمية من منظور فلسفي وجمالي يهدف إلى تحديد أوجه القصور والجوانب الصحيحة للتعليم وتصــحيحها ضــمن المجال التعليمي المؤســســات في التعليم الرســمي وجميع المجالات الأخرى في المنزل والعمل.

تتغير أنماط الحياة والمهام والاحتياجات تحت تأثير التغيرات السريعة مما يتطلب البحث العلمي المستمر والمتابعة في مجال التعليم وأهدافه وبرامجه مما يغير المهارات وتتوافر الأدلة والشــجاعة في اتخاذ القرارات وتشمل المهارة مهارات أخرى مثل "تعلم كيفية التعلم"، بالإضافة إلى المهارات "الاجتماعية والمدنية"، وكل منها تعتبر مهارة حديثة تمارس حاليا في الدول المتقدمة.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

**الكلمات المفتاحية**: المهارات، المهارات الناعمة، التعليم، فلسفة التربية المعاصرة.

پوختە:

ئەگەر برِبرِەی پشـــتی پەروەردەی کۆن بریتی بوبێت لە گەورەکردنی منداڵ لەڕووی جەســـتەیی و پێگەیاندنی کەسـێکی بەهێزی جەسـتەیی؛ ئەوا لەم سـەردەمەدا پەروەردە بریتییە لە ئامادەکردنی تاکێک کە هەڵگری ژمارەیەک لێهاتوویی بێت، پەروەردە ئیدی بریتی نییە لە پیدانی زانیاری و بەهێزکردنی یادگەی منداڵ، بەڵکو ئەمڕۆژە ئەرکی پەروەردە لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا فراوانتر و فرەلایەنتر بووە، پەیوەســـت بۆتەوە بە کارامەییەکانی ســـەردەم لەجۆری کارامەیی: "بڕیاردان، فێربوونی فێربوون و کۆمەڵایەتی و مەدەنییەت...هتد.

فەلسـەفەی پەروەردە بریتییە تێڕوانینی فەلسـەفی لەبارەی پەروەردەوە، لێکدانەوە و شـرۆڤە و شـیکاری دیاردە و بەها و ئەرک و میتۆد و سیستم و سیاسەتی پەروەردەییە لەڕوانگەیەکی فەلسەفی و ئاوەزییانەوە کە ئامانج لێی دیاریکردنی کێماســییەکان و لایەنە دروســـتەکانی کایەی پەروەردەیە لەپێناو کەمکردنەوەی

نادروستییەکان و گەشەپێدان و بنیادنانی ئامانج و بەها هەنووکەیی و دروستەکان لەناوچەی پەروەردەییدا لە دامودەزگاکاندا لە پەروەدەی فەرمیدا و سەرجەم کایەکانی دیکە لە ماڵەوە و کاردا.

لەژێر کاریگەری گۆڕانکارییە خێراکان ســـتایلی ژیان و ئەرک و پێداویســـتییەکان دەگۆڕێن، بەهۆی ئەمەشـــەوەیە کە پێویســـتە بەردەوام توێژینەوە و بەدواداچوونی زانســـتییانە لەبواری پەروەردە و ئامانج و پرۆگرامەکانیدا بکرێت، ئەمەش کارامەییەکان دەگۆڕێت، دوو سـەدەی ڕابردوو زانیاری دەگمەن و کەمبڵاو بوو، هەنووکە سـەختی لێکجوداکردنەوەی زانیارییە بێشـومارەکان پێویسـتی بە کارامەیی بەڵگاندن و بوێری بڕیـاردان هەیە، زەمینەی گەشـــەپێـدانی ئەم کـارامەییە بریتییە لە کـارامەییەکی دیکەی وەک "فێربوونی فێربوون"، هەروەها کارامەیی "کۆمەڵایەتی و مەدەنییەت" کە هەریەک لە ئەمانە بریتین لە کارامەییەکانی سەردەم کە هەنووکە لە وڵاتانی پێشکەوتوو پەیڕەوکراوە.

**وشە سەرەکییەکان**: کارامەیی، کارامەییە نەرمەکان، پەروەردە، فەلسەفەی پەروەردەی هاوچەرخ.

## ناوەڕۆک

پێشەکی: ........................................................ 367
بەشی یەکەم: چێوەی تیۆری چەمکەکان........ **Error! Bookmark not defined.**
یەکەم: کارامەیی ........ **Error! Bookmark not defined.**
1.1: کارامەییە ڕەقەکان ........ **Error! Bookmark not defined.**
2.1: کارامەییە نەرمەکان........ **Error! Bookmark not defined.**
دووەم: پەروەردە ........ **Error! Bookmark not defined.**
سێیەم: کارامەییە پەروەردەییەکان........ **Error! Bookmark not defined.**
بەشی دووەم: کارامەییە هاوچەرخەکان........ **Error! Bookmark not defined.**
یەکەم: کارامەیی بەڵگاندن و بڕیاردان: ........ **Error! Bookmark not defined.**
- دووەم: کارامەیی فێربوونی فێربوون-Learning to Learn:........ **Error! Bookmark not defined.**
-سێیەم: کارامەیی کۆمەڵایەتی و مەدەنییەت ........ **Error! Bookmark not defined.**
ئەنجام: ........ **Error! Bookmark not defined.**
لیستی سەرچاوەکان........ **Error! Bookmark not defined.**

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

**پێشەکی:**

فەلسەفەی پەروەردە لە مێژووی دەرکەوتنی پەیوەست بە پرسە ڕیشەییەکانی پەروەردە تێڕوانینەکانی لە چوارچێوەی تیۆرێکی فەلسەفیدا خستۆتەڕوو، ئەوەی باڵکێشی نێو تێروانینەکانی فەیلەسوفانە لەبارەی پەروەردە بریتییە لە پرسیاری "ئایا پێویستە چ جۆرە تاکێک لە پەروەردەوە بەرهەمبهێندرێ؟ بۆ ئەمەش پرسیاری دیکە سەردەردێنن "ئایا پێویستە چ جۆرە زانیارییەک بگەیەندرێت؟ بە چ جۆرە میتۆد فێرخواز فێربکرێت؟ گونجاوترین سیستمی پەروەردە دەبێ چۆن بێت؟ بۆئەوەی جۆری خوازراوی تاک بخرێتە کۆمەڵگەوە پێویستە ئامانجەکانی پەروەردە لەچی و چی پێکهاتن؟ هەموو ئەمانە ڕۆدەچنە نێو کارامەییەکان کە لە پەروەردەوە کاریان بۆ دەکرێت، فەلسەفەی پەروەردەی هاوچەرخ کارامەییەکانی "بەڵگاندن و بڕیاردان، فێربوونی فێربوون، کۆمەڵایەتی و مەدەنییەت" بە کارامەییە سەردەمییەکانی بواری پەروەردە جێگیرکردووە.

گرفتی توێژینەوە :

- 1 بەهێزترین کارامەییەکان کە بۆ ژیان و کۆمەڵگەی ئاییندە کامانەن کە پێویستە لە منداڵی ئەمڕۆ و گەنجی ئاییندەدا بچێندرێن؟

- 2 فەلسەفەی پەروەردەی هاوچەرخ پێداگری لە کام جۆرە تاک و کارامەییانە دەکات؟

- 3 چۆن دەتواندرێت کارامییە هەنووکەییان لە توانستی فێرخوازدا بەرجەستە بکرێن؟

گرنگی و ئامانجەکانی توێژینەوە:

- 1 ئاشکراترکردنی چەمکەکان، فەلسەفەی پەروەردە، کارامەیی، کارامەیی نەرم، کارامەیی ڕەق، لێهاتوویی، پەروەردە.

- 2 ناسینی کارامەییە هاوچەرخەکان.

- 3 شرۆڤەی چۆنیەتی بەرجەستەکردنی کارامەییە هەنووکەییەکان لە کایەی پەروەردەدا.

- 4 گەیاندنی تێڕوانینی فەیلەسوفانی اهاوچەرخ لەبارەی کارامەییە نەرمەکانی سەردەم.

میتۆدی توێژینەوە:

فەلسەفەی پەروەردە بەهۆی ئەوەی ئاخڤینە لەبارەی پرسە نەرم و هزرییەکان، گونجاوترین میتۆد بۆی بریتییە لە میتۆدی شرۆڤەیی کە بەشێوەیەکی بابەتییانە شرۆڤە شیکاری تەوەرەکانی نێوەرۆکی توێژینەوەکەمان کردووە، بەڵام لە هەندێ جێگەدا پێویستمان بە پەیرەوکردنی میتۆدی وەسفی بووە و بەکارمانهێناوە، ئەمەش لەپێناو وەسفکردنی دیاردە و بابەتەکانی توێژینەوەکەمان.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

پێکهاتەی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوە لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت، کە هەر بەشێکمان بەسەر ژمارەیەک تەوەردا دابەشکردووە، بەشـــی یەکەم چێوەیەکی تیۆرییە بۆ ناســـاندنی چەمکەکانی پەیوەندیدارە بە توێژینەوەکەمان کە بریتین لە ئەمـانە: یەکەم: کـارامەیی، کـارامەیی ڕەق، کـارامەیی نەرم، دووەم: پەروەردە، ســـێیەم: کـارامەییە پەروەردییەکان، پەیوەندی نێوان فەلسـەفە و پەروەردە. لە بەشـی دووەمدا شـرۆڤەی کارامەییە نەرمەکان لە فەلسـەفەی پەروەردەی هاوچەرخ-مان کردووە، کە بەسـەر سـێ کارامەیی دابەشـکراون، یەکەم: کارامەیی بەڵگـانـدن و بڕیـاردان، دووەم: کـارامەیی فێربوونی فێربوونLearning to Learn Competence-، سێیەم: کارامەیی کۆمەڵایەتی و مەدەنییەت.-Social and Civic Competence

بەشی یەکەم: چێوەی تیۆری چەمکەکان

یەکەم: کارامەیی

بە گوێرەی فەرهەنگی (Merriam-Webster, 2024) کارامەیی وەک توانستێک پێناسەکراوە، کە زانینی کاریگەری کەسێکە بە شێوەیەکی لێهاتووانە و ئاسان ئەنجامیدەدات و زانینەکە بەرجەستە دەکات. هەروەها لە فەرهەنگی پێشـکەوتووی ئۆکسفۆرد دا، کارامەیی بە توانسـتێک بۆ ئەنجامدانی کارێک بە باشـی پێناسـە کراوە، هەروەها وەک توانســتێکی تایبەت بۆ ئەنجامدانی کارێک بە شـــێوەی لێهاتووانە هەژمارکراوە (Oxford, 2010, 1441)، بۆ نمونە دارتاش کەسێکی کارامەیە لە کار و پیشەی دارتاشی بە هۆی توانست و لێهاتوویی ئەزموونەکانییەوە. کەواتە کارامەیی بریتییە لە بەجێهێنان و پیادەکردنی توانست و لێهاتووییەکان بەشـــێوەیەکی ورد و ڕێکوپێک و بەرهەمدار لە بوارە جیاوازەکاندا، ئەمەش لە پێناو گەیشـــتن بە باشـــترین دەرەنجامەکان .

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

لە زمانی ئینگلیزیدا، هەردوو وشـــەی (Skill) و (Competence) وەک ناو، واتای کارامەیی دەگەیەنن، بەڵام دووەمیان زیاتر جەخت لەسـەر کارامەیی لە بواری کار و پیشـەدا دەکاتەوە، کە کەسـەکە لە پیشـەیەکی تایبەتدا کارامە و پیشـەییانە توانسـتەکانی بەکاردێنێت و کارامەیی خۆی نیشـاندەدات و بەکاردێنێت (Ibid, 344.) لە زمـانی عەرەبیـدا وشـــەی (المهـارة) بە واتـای لێزانی و لێهـاتوویی بۆ ئەنجـامـدانی کـارێـک بەکاردەهێنرێت. بۆ نمونە لە زمان-دا، کارامەیی زمان دەبێت ئاستەکانی بیستن، گوتن، خوێندنەوە و نووسین لە خۆبگرێت، بۆ ئەوەی کەســی کارامە لە بواری زماندا توانســت و لێزانییەکانی خۆی بە شـێوەی کارامە بەکاربێنێت (عبدالهادي و اخرون، 2009، 27.)

لە زمانی کوردیدا، لەم چەند ســـاڵەی دواییدا، لە زانکۆکان و بواری نووســـیندا زیاتر چەمکی کارامە بەکاردەهێنرێت، بەڵام بە گوێرەی بەستێن و شوێنی بەکارهێنانی وشەکە، کارامە، لێهاتوو، لێزان، زیرەک، بەتوانا و دەستڕەنگین... بەکاردەبرێن، بۆ نمونە:

- ئازاد، وەستایەکی کارامەیە لە دارتاشیدا.
- ئازاد لە پیشەی دارتاشیدا، وەستایەکی لێهاتووە.
- ئازاد، لە دارتاشیدا، وەستایەکی لێزانە.
- ئازاد، دارتاشێکی زیرەکە.
- ئازاد، لە دارتاشیدا، وەستایەکی بەتوانایە .
- ئازاد، دارتاشێکی دەستڕەنگینە.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، کارامەیی یەکێکە لە پێوەرە هەرە گرنگەکان بۆ هەر کەسێک تا بتوانێت با باشی کار و پیشـــە ئەنجام بدات و رەفتار نوێنی بکات، هاوکات لێهاتووییەکانی بخاتەگەڕ و لەناو کۆمەڵگەدا پێگە و کاریگەری نیشان بدات، واتە سەرکەوتنەکانی وابەستەی کارامەییەکانی دەکرێن. توێژەران و پسپۆران، بە شـــێوەیەکی گشـــتی ئاماژە بە دوو جۆری کارامەیی دەکەن: کارامەییە رەقەکان و کارامەییە نەرمەکان. لە توێژینەوە دەروونییەکانی ســـەردەمدا، جیاکردنەوەی کارامەییەکان کاری بەرفراوان و مشـــتومڕی زۆری لەبارەوە دەکرێت، بە جۆرێک کارامەییە رەقەکان وابەســـتەی رەهەندی تەکنیکی دەکرێن و کارامەییە نەرمەکانیش وابەستەی رەهەندی نێو-کەسێتی دەکرێن .(Lamri & Lubart: 2023) واتە کارامەیی نەرم بە توانســـتە تاکەکەســـییەکانەوە بەســـتراوە لەوەی کە لەناو ناخ و توانســـتە جۆربەجۆرەکانی خۆیەوە وەک بەهرەیەک بەدەســـتی دێنێت و دەیدۆزێتەوە، لە کاتێکدا رەقەکان بە شـــێوەی تەکنیکی و پراکتیکی بەدەســـت دەهێنرێن و رەهەندێکی زیاتر دەرەکییان هەیە بەرەو ناوەوەی تاک.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

دوو جۆرەکانی کارامەیی:

1.1: کارامەییە رەقەکان

هەموو ئەو کـارامەییـانەی لە کۆمەڵگە و دامەزراوەکـانـدا بە شـــێوەی تەکنیکی و پراکتیکی توانســـتی بەدەســـتهێنـانیـان هەیە، پێیـان دەگوترێـت: کـارامەییە رەقەکـان، وەک زمـان (قســـەکردن)، ئەنـدازیـاری، ژمێریاری، پلەی وەزیفی و بڕوانامەکان.(Laker & Powell, 2011)

2.1: کارامەییە نەرمەکان

کارامەیی نەرم، کارامەییە کەسییەکان دەگرێتەوە کە لە کەسایەتی و ناخی کەسەکەوە سەرچاوە دەگرن وەک توانستێکی ناخەکی، وەک پەیوەندییەکان، کێشەوچارەسەر، زانین و زیرەکی سۆزمەندانە .(Ibid) کە دەشێ

لەم لیستەدا زیاتر کارامەیی نەرم بدۆزینەوە: تیمکاریی، پەیوەندکاریی، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، تۆڕکاریی، گەشەکردن لە ژێر فشاردا، خواست بۆ فێربوون و فێرنەبوون، چاندنی هاوسۆزی- کە نەخشەڕێگای تۆیە بۆ دروستکردنی کاریگەری قووڵ لە هەر پرۆسە و شوێنێکدا. ئەم کارامەییانە هێز و توانستەکانن بۆ ئەوەی لە هەر کار و شوێنێک سەرکەوتن بەدەست بێنیت، بە بواری پەروەردە و فێرکاریشەوە.

دووەم: پەروەردە

پەروەردە (التربية - Education) بریتییە لە پرۆسەی پێگەیاندنی شتێک بە کەمالی خۆی، یان گەشەپێدان و ڕاهێنانی ئەرکە دەروونییەکانە هەنگاوبەهەنگاو تا بگەن بە تەواوێتی، پەروردەی دروستیش دەبێت لە هەرسێ لایەنی ئەقڵی و جەستەیی و مۆراڵییەوە بێت تاوەکو تاک و کۆمەڵ بەختەوەر بکات، هەروەها پەروەردە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و ملکەچی ڕێساکانی گەشە و پەرەسەندنە وەک دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە (صلیبا، 1385، 266). پەروەردە واتای جیاواز و فراوان لەخۆدەگرێت، لەمڕۆشدا لەسەرجەم بوار و کایە جیاوازەکانی ژیاندا ڕۆڵدەگێڕێت، ئەمەش وا دەکات سەرجەم ڕێباز و بابەت و زانستە جیاوازەکان لە دیدی جیاوازەوە پرسیار ئاڕاستەی چییەتی پەروەردە و ئەرک و ئامانج و بایەخەکانی بکەنەوە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا پەروەردە پرۆسەیەکی ئاڵۆزی مرۆییە (مەبەستی ئێمە پەروەردەی مرۆڤە) و پەیوەستە بە کەسایەتی مرۆڤەوە. بە تایبەت لە ئاستەکانی کەسایەتیدا (ئەقڵی و دەروونی و جەستەیی.(

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

توێژەران سێ ئاست بۆ کەسایەتی مرۆڤ دیاریدەکەن (علي، 1995، 14:(

- ئاستی ئاگایی و ئیدراک و زانین، کە بابەتی هۆش و هزر و ئەقڵن
- ئاستی سۆز و هەڵچوون و ویژدانی، کە ئاستی دەروونن
- ئاستی جوڵە و کارامەیی و توانستە پراکتیکی و جەستەییەکان

لە دیاریکردنی ئاستەکانی کەسایەتی مرۆڤ، دەگەین بەو ئەنجامەی کە پەروەردەکردنی مرۆڤ پێویستە سەرجەم ئاستەکان بگرێتەوە، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی هاوسەنگ گەشە بکات، واتە نابێت پەروەردە لەسەر بنەمای ئامۆژگاریی کورتبکرێتەوە، چونکە مرۆڤ لە ژیاندا پێویستە ئاستەکانی ئەقڵ و دەروون و ڕەفتار، لە پیشە و پەیوەندی و چالاکییەکانیدا بە یەکەوە ببەستێتەوە، بەمکارەش دوالیزمی ئەقڵ و جەستە لە دیالێکتیکی پەروەردەییدا، ڕەفتاری شیاو و خوازراوی لێدەکەوێتەوە، واتە دەبێتە پرۆسەیەکی کارلێکی کۆمەڵایەتی کە بۆ تاک و کۆمەڵ و ژینگە بەسوودە.

چەمکی پەروەردە لە واژەی لاتینی (Educare) وەرگیراوە، کە واتای پەروەردەکار و بەخێوکاری هەر زیندەوەرێک دەگەیەنێت، لە ئاژەڵ و رووەکەوە تا مناڵ. بەڵام بە تێپەڕینی کات، ئێســـتا پەروەردە وەک پرۆســـەیەک لە نێو ســـیســـتمێکی فێرگەیی یان زانکۆیی دادەنرێت، نەک کاری تاکە کەســێک (الحجلاوي، 2009، 18-19). هەروەهـا لەلایەنی زاراوەییشـــەوە، دەکرێـت بگوترێـت کە پەروەردە پرۆســـەیەکی ســیســتماتیکی مەبەســتدارە لە بەرامبەر مرۆڤێکدا هەر لە مناڵییەوە تا بتوانرێت ئەو کەســە پێبگەیەنرێت لە بوارە هۆشەکی و جەستەیی و دەروونییەکاندا تا کەسایەتی بەهێز و خاوەن توانستی هەبێت.

پەروەردە تەنها فێرکردن نییە، بەڵکو دەبێ فۆرم-وەرگرتن (بیچم-گرتن)یش بێت تا کەســـان پێبگەن و پەرەبسێنن و خۆیان وەک ئەو فۆرمەی کە بیچمیان پێوەگرتووە رابگەیەنن، ئەمەش لە واژەی'Bildung' ی ئەڵمانیدا دەردەکەوێت، کە ئەویش لە 'پایدیا'Paideia -ی گریکی وەرگیراوە بە واتای بەرنامەی فێرکاریی، بە تایبەت لەلای پلاتۆن و ئەرســـتۆ. بەڵام لە ئێســـتادا لە ئینگلیزیدا 'Education' بەکاردەبرێت بە واتای (پەروەردە، خوێندن، فێرکاریی و بارهێنان). ئەگەر پەروەردە هێزی فۆرم-پێدانی بە مرۆڤ هەبێت، ئەوا لە فەلســـەفەی 'کەرەســـە و فۆرم'ی ئەرســـتۆ نزیک دەکەوینەوە، کە کەرەســـەیەک هەبێت و فۆرمی پێبدرێت (لیدمەن، 2014، 669-70.(

لە گشـتیدا، پەروەردە پرۆسـەیەکە پەرە بە ئەرکێک یان ژمارەیەک ئەرک دەدات بە شـێوەی هەنگاو بە هەنگـاو، هەروەهـا زنجیرەیەک هەنگـاوی کردارییە بۆ بـارهێنـانی کەســێـک، بە تـایبەت لەلایەن پێگەیشـــتووەکانەوە بۆ بچوکەکان تا هانیان بدەن هەندێ نەریت تیایاندا گەشـــە بکات (لالاند، 2001، 322-23). هەروەها پەروەردە ئامرازە بۆ بارهێنان و گونجاندنی تاکەکەس، تا لەگەڵ ژینگە کۆمەڵایەتیەکەیدا هەڵکات (محمد، 2008، 26).لەمەوە، پەروەردە ســەرەڕای ئەرکە کۆمەڵایەتییەکەی، ئەرکی گواســتنەوەی نەریت و کولتورەکان لە ئەستۆ دەگرێت و تاکێک باردێنێت کە لەگەڵ نەریت و بەهاکانی کۆمەڵگەدا ئاشنا و گونجاوە.

کەواتە، پەروەردە پرۆســەیەکی کۆمەڵایەتی ســەرتاســەرییە و لە نێوەند و دام و دەزگا جۆراوجۆرەکاندا ڕودەدات، هەندێجار جیاکراوەو تایبەتن هەندێ جاری دیکەش تەواو و بێ کەم و کورتییە (هەمان، 35). هەروەهـا هەر هەوڵ و چـالاکییەک کە لەســـەر رەفتـار و پێگەیـانـدنی مرۆڤ کـاریگەر بێـت بریتییە لە پەروەردە، ئنجـا ئەمە لەلایەن مرۆڤ خۆیەوە بێـت یـان ژینگە ســـروشـــتییەکەی یـانیش لەلایەن ژینگە کۆمەڵایەتییەکەیەوە بێت، تا لە کات و شـــوێنی دیاریکراودا تاکێک باربێنێت و یارمەتی بدات بۆ مانەوە و ژیان و هەڵکردنی لە نێو ژینگەی کۆمەڵایەتی و بەها و نەریت و ســیســتمەکانی ناوی (المجيدل و اخرون، 2013-2014، 22). لێرەوە، کۆمەڵگە بە تاکە بارهێنراوەکان و بەها ســـەروەرەکانییەوە بەرهەمی چالاکییە

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

پەروەردەییەکانە و گەرەنتی مانەوەی کۆمەڵگە و سیستەمەکانی و گواستنەوەی نەریت و بەهاکانی بریتییە لە پەروەردە.

پەروەردە دەتوانێت تاکەکان لەسەر دەستوری کۆمەڵگە باربێنێت، تاوەکو مانەوەی کۆمەڵگە مسۆگەر بکات، ئەمەش بە گەشەپیدانی ئارەزووە مرۆییەکان و چاکسازی کۆمەڵایەتی و راستەڕێکردنی رەفتار و مۆراڵ، هەروەها بارهێنانی مرۆڤ لەسەر رەفتارە پەسەندەکان تا باڵاترین ئاست و گۆڕینی رەفتارەکانی بە ئاراستەی کردارە پەسەندەکان هەنگاو بە هەنگاو (نفسە، 23). ئەم ئەرکە رەفتارییەی پەروەردە، بریتییە لە خواستی مرۆڤ بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی باشتر لەسەر زەمینەی تاکە خاوەن مۆراڵەکان.

پەروەردە بە شێوەی زانستی و تەندروست بریتیە لە برەودان بە توانای رەخنە، راڤەکردن، داهێنان وە برەودان بە توانای لێهاتووی و لێزانی لە چارەسەری کێشە و گرفتەکاندا وە برەودانە بە شێوازی بیرکردنەوەی زانستیانە و بابەتیانە (محمد، 2008، 18). هاوکات پەروەردە دەتوانێت ریفۆرم بکات لە کۆمەڵگە و بیرکردنەوەکانی، وەک ئەوەی کە نیچە پێیوایە هیچ نەتەوەیەك چاکسازی بەخۆیەوە نابینێت گەر پەروەردەی رۆڵەکانی گەندەڵ بێت (هەمان، 9.(

کەواتە پەروەردە سەرجەم ئەو زانین و کاریگەریانەیە کە لە کەسێکدا بەرجەستە دەبێت لە فێرگە و ژیانیدا، پرۆسەیەکە تاکەکان وا باردێنێت کە خوبگرن لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتی و کولتوریی، ئامانجە خوازراوەکان لە مرۆڤەکاندا بەدی دەهێنێت، تا کۆمەڵگەیەکی گەشەسەندوو لە مرۆڤانی پەروەردەکراو دروست بکات و بەردەوام کولتور بگوازیتەوە و گەشەی پێبدات و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەردەوامی پێبدات وەک ئەوەی لە سیستمێکی کۆمەڵایەتیدا بن (ناصر، 2013، 37.(

سێیەم: کارامەییە پەروەردەییەکان

ئەم توێژینەوەیە، دەیەوێت لەسەر پرسی بەشێک لە کارامەییە پەروەردەییەکان بوەستێت، بە تایبەت لە فەلسەفەی پەروەردەی هاوچەرخدا، کە لە راستیدا هەردوو کارامەییەکە گرنگ و پیویستن، بەڵام توێژەران و دەروونناسان لەمڕۆدا زیاتر جەخت لەسەر کارامەییە نەرمەکان دەکەنەوە لە بواری پەروەردە و فێرکاریدا. کەواتە هەردوو کارامەییەکە گرنگی و بایەخی خۆیان هەیە و بنەمان، بەڵام بە ڕێژەی زیاتر کاریگەریی و دەرەنجامەکان لەسەر کارامەییە نەرمەکان وەستاون.

پەروەردەی هاوچەرخ تەنها پشت بە پرۆگرام و میتۆدێکی دیاریکراوی فێرکاری نابەستێت، بەڵکو کراوەتر و ئازادانەتر مامەڵە لەگەڵ پرۆسەکەدا دەکات. فێرگە و پۆل وەک فەزایەکی تایبەتمەندی پەروەردە لەسەر زەمینەی ئازادی و دیموکراسی و بەهاکان دەبنە ناوەندی دیالۆگ و چالاکی و کاری زانستی. کە هەموو ئامادەبووان بەشداری تێدا دەکەن، لەناو ئامادەبوانیش هەموو ئۆرگانەکانی بیستن، بینین، گوتن،

ئاگایی و دەروون و جەستە بەشداری تێدا دەکەن، ئەمەش پێویستی بە کارامەیی ڕێکخستن، پرسیار و وەڵام، کات، بیرۆکە، ئەنجامدان، ڕێزگرتن، تیم، چێژ، هاوکاری، تێگەیشتن، زانین، بیرکردنەوەی لۆجیکی، هونەری بەڵگەڕۆنان، ڕەخنە و هەڵسەنگاندن و چەندانی دیکە هەیە، بۆ ئەوەی مامۆستا و فێرخواز لە پرۆسەکەدا بەشداری کارا بکەن و تاکی کارامە و داهێنەر و بیرکەرەوە باربێنن (عبدالهادي، 2010، 114-122).

کەواتە کارامەیی پەروەردەیی پرۆسەیەکی نێوکۆییە لەسەر بنەمای کارلێکەکان، بە تایبەت کارلێکە کۆمەڵایەتییەکانی ناوپۆل و ژینگەی خوێندن، لێرەدا کارلێکی کۆمەڵایەتی مەبەست لیی کارلێک و پەیوەندی نێوان مامۆستا-فێرخواز، فێرخواز-فێرخوازە بە ئامانجی زانست و پێگەیاندن و فێرکارییی. ئەمەش کاریگەرە لەسەر گەشەی مناڵ و فێرخواز لە هەموو ئاستەکانی ئەقڵ، دەروون، جەستە.

پرۆسەی پەروەردەکردن و بارهێنان بە ئامانجی بونیاتنانی کەسێتی و تواناکانی تاکەکانە، بە جۆرێک بە شێوەی کارا و لێهاتوو کارلێک و هەماهەنگی لەگەڵ کۆمەڵگە و دەوروبەردا هەبێت (فەتاح، 2018، 19). ئەم تێگەیشتنە کە زیاتر سەرچاوەکەی بۆ جۆن دێوی دەگەڕێتەوە، لە شاکارەکەیدا (دیموکراسی و پەروەردە، دەروازەیەک بۆ فەلسەفەی پەروەردە) واتای ئەوە دەگەیەنێت، کە پەروەردە خۆی کارامەییە و ئامانجیشی چاندنی کارامەییە لە فێرخواز و تاکە پەروەردەکراوەکاندا. واتە پەروەردە تەنها لە گونجاندنی تاک لەگەڵ کۆمەڵگە و ژینگەی دەوروبەر بە شێوازی کلاسیک مامەڵە ناکات، بەڵکو کارامەیی لە فێرخوازدا بەرەو داهێنەریی و تێپەڕاندنی دۆخی باو هانیدەدات، ئەمەش لەگەڵ سروشتی گەشە و پەرەسەندنی بەردەوامدا دەگونجێت و پێویستی بە بەهاکانی ئازادی و دیموکراسییە.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

کارامەییەکان تا ئێستا پۆلێنی کۆتاییان بۆ نەکراوە، تا بزانین چەند جۆر و بوار لە خۆدەگرن، بەڵام بە گوێرەی پێناسەکەی پێشووتر بە ئاسانی دەتوانین بیانناسینەوە، بۆ نمونە تەنها لە بواری بیرکردنەوەدا، هەندێ توێژەر سی (30) جۆری بیرکردنەوە دیاری دەکەن و ئاماژەش بۆ بیست و حەوت (27) جۆری کارامەیی لە بیرکردنەوەدا دەکەن، ئەمە جگە لە پۆلێنی هەمەجۆر بۆ ئەم جۆرانەی کارامەیی و بیرکردنەوە (الاشقر، 2022، 26-38). کە بیرکردنەوە بابەتێکی بنەمایی بە ئامانج گیراوە لە پرۆسەی پەروەردە و پێگەیاندن و کارامەییەکاندا.

هەرچەندە خوێندن و فێرکردنی ئەکادیمی بنەمای پرۆسەی پەروەردەی فەرمییە، بەڵام سەرکەوتنی پیشەیی تەنیا پەیوەست نییە بە زانیاری و شارەزایی خوێندکاران سەبارەت بە بابەتەکانی خوێندن، بەڵکو کارلێکی نیوان هزر و زمان و ئەداکردنی زانستەکان گرنگن، واتە تەنها زانین گرنگ نییە بەڵکو بەکرداریکردنی زانین گرنگە و کەسێکی کارامەمان نیشاندەدات. لەم سۆنگەیەوە، نمرە بەرزەکانیش نابنە

پێوەر بۆ کارامەییە هاوچەرخەکان، بەڵکو داهێنان و چارەسەری کێشەکان و ناکۆکییەکان پێوەری بەرزترن، زیاتریش وێنەی گەشەی خوێندکار دەدەنەوە. ئەمانەش بە پلەی یەکەم لەسەر کارامەییە نەرمەکان وەستاون، بۆ نمونە بیرکاری و زانست وەک کارامەیی رەق گرنگن، بەڵام بەکارهێنانیان و خۆگونجاندنی کەسەکان لە دامەزراوە و شـــوێنی کارەکانیان گرنگترن و ئەمەش دەکەوێتە ســـەر چۆنیەتی نەک چەندیەتی، بەمەش بە ژمارە پێوەر ناکرێن، زۆربەی خاوەن کارەکان فیدباکی سەرکەوتوویی کەسێک لە کارەکانیدا دەبەستنەوە بە کارامەییە نەرمەکانییەوە (ڕاپۆرتی .(American Heritage Schools: کە ڕاپۆرتەکە جەخت لەسەر سێ بنەمای کارامەیی نەرم دەکاتەوە لە چێوەی پرۆسەی پەروەردە و فێرکارییدا: یەکەم: هاوکاریی، کە توانستی پێکەوەیی و گونجاویی و کاری تیم و ســـەرکردایەتی دەردەخات، کە مەرج نییە خوێندکاری زیرەک و نمرە بەرز لە تەنیایی رزگاری بێت و ئەم بنەمایە پەیڕەوی لێبکات. دووەم: پەیوەندی، کە توانســـتی کەســـەکە و کارامەییەکانی دەردەخات لە شـــێوازی مامەڵە و پەیوەندی و کارلێکی لەگەڵ کەســـانی دیکە، بە تایبەت کڕیارانی کۆمپانیاکان و دامەزراوەکان و بەدەمەوە چوونیان، لە ڕێزگرتن و سەرنجڕاکێشان و وەڵامدانەوە و بەجێهێنانی داواکانیان، کە لەم کارامەییە نەرمەشدا مەرج نییە کەسانی زیرەک و نمرە بەرز ئەو خاکەڕاییە نیشـــان بدەن لە کاتی کارکردندا. ســـێیەم: ئاڵنگاری و ڕوبرکێ، ئەم کارامەییە پەیوەســـتە بە تێپەڕاندنی ســـەختییەکان و توانســـتی چارەســـەری کێشـــەکان، بە شـــێوازی بیرکردنەوەی داهێنەرانە و بیرکردنەوەی رەخنەگرانە. کە ئەم کارامەییەش پەیوەســـت نییە بەوەی کە چەند لە بابەتەکانی فێرگە ســـەرکەوتوو بوویت، بەڵکو ئەزموونی جێبەجێکردنی زانین و لێهاتووییە لە دیاریکردن و ناســـین و گریمانە و چارەســـەری کێشەکان.

لەم بابەتەوە، دەگەین بەوەی کە فێرگە و پرۆســە پەروەردەییەکان لە ناو پۆل و فێرگەدا، تەنها پەیوەســت نییە بە زیرەکییە تیۆرییەکـانی پرۆگرام و تـاقیکردنەوە تیۆرییەکـان، چونکە لەم بـارەدا تەنهـا کـارامەییە رەقەکان برەویان پێدەدرێت، بەڵکو گرنگە لە پرۆســـەکەدا رەچاوی بارهێنانی فێرخوازان بکرێت لەســـەر بنەمای کارامەییە نەرمەکان، بۆ ئەوەی بتوانن توانســت و زانین وەک هێزی کرداری ئەدا بکەن و لە کار و کۆمەڵگە و ژینگەدا بەکاریـان بێنن و رەنگدانەوە و کاریگەریـان هەبێت، ئەمەش بە ئامانجی پێگەیـاندنی تاکەکەســی و چارەســەری کێشــەکان و گەشــەپێدانی کۆمەڵگە بە شــێوەی بەردەوام. بۆ ئەم مەبەســتەش ڕۆڵی مامۆســـتا، پرۆگرام و هەڵســـەنگاندن بە گرنگ دەبینن لە پەرەپێدانی کارامەییە نەرمەکان، بە تایبەت لە ســەرکردایەتی، بەڕێوەبەرێتی، نێوکەســی، بەهاکان، مامەڵە و کارکردن، دەرکەوتن و دەرەوشـانەوەی جوان، هەڵوێستەکان، کاری میتۆدی، زمان، پەیوەندی، خۆنرخاندن و چەندان کاتیگۆری دیکە کە بە کارامەییەکانی ســـەدەی بیســـت و یەکەم ناســـراون .(Cinque & Kippels, 2023) کەواتە زۆر گرنگە، لە فێرگە و

پرۆگرامەکاندا، کارامەییە نەرمەکان کاریان لەسەر بکرێت و ببەسترێنە بە پەروەردەی هاوچەرخ و دۆخ و پێشـــهاتە نوێیەکانی کۆمەڵگە و ژینگە جۆر بەجۆرەکان، بۆ ئەوەی فێرخوازان بتوانن بە شـێوەی کرداریی بەشداری کارا و ئەزموونمەندانە لە پرۆسە و کارە جۆر بە جۆرەکاندا بکەن و دووچاری نامۆبوون بە خۆیان و زانین و بڕوانامەکانیان نەبن.

بەشی دووەم: کارامەییە هاوچەرخەکان

یەکەم: کارامەیی بەڵگاندن و بڕیاردان:

جیهان ڕووبەڕووی شـۆڕشـی گۆڕنکاری بێوێنە دەبێتەوە، کە سـەرجەم چیرۆکە کۆنەکانمان دەگۆڕێت و چیرۆک و ژیانی نوێ جێگەی دەگرێتەوە، پرســـیارە هەتەرییەکە ئەوەیە ئایا چۆن بتوانین منداڵەکانمان بۆ ژیانە نوێیەکە ئامادە بکەین؟ کام کارامەییە نەرم یاخود ڕەقانەن کە پێویســـتە لە توانای منداڵی ئاییندەدا چێندرابێتن؟ ئەمڕۆ منداڵێک لەدایک دەبێت، سـاڵی "٢٠٥٤" لە سییەکانی تەمەنییەتی، ئایا جیهان تا ئەوکاتە چی لێبەســـەردێت و چۆن دەبێت؟ کەواتە ئەرکی ئێمە وەک داییاب چاندنی چ جۆرە لێهاتوویییەکە لە هۆش و ئاگایی نەوەکانماندا کە یارمەتییان بدات بۆ مانەوە و دەســـتەبەرکردنی ژیانێکی شـــکۆمەندانە بۆ ئەو کاتە؟ چونکە بۆ نموونە نزیکەی تەواوی ئەو کارانەی ئێســـتا؛ بەهۆی گۆڕانکارییەکانەوە نامێنن یاخود دەگۆڕێن، بەڵێ ناتوانین بزانین جیهان ئەوکاتە چۆن دەبێت بەڵام دڵنیان لەوەی کە زۆردەگۆڕێت (Harari, 2018, p 259).

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

لە پێشـودا فێرگە جێگەی گەیاندنی زانیاری بوو، ئەمەش گرنگ و پێویست بوو چونکە ئەوکاتە زانیاری کەم بوو، لە هەموو گۆشـــەکانی جیهان بڵاو نەبوو، بەڵام هەنووکە لەنێو بێشـــوماری زانیارییەکانداین کە ئەمەش ئەرکێکی نوێی بەدوای خۆیدا هێناوە، کە، بریتییە لە جیاکردنەوە و هەڵبژاردنی زانیاری دروسـت و پێویســـت، لێرەوە پێشـــووتر ســـەختی خوێندن ئەزبەرکردن بوو، ســـەختی هەنووکە توانای بڕیاردان و هەڵبژاردنە، بەپێی ئەم پێوەرە ئەم ســـەردەمە پرســـەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و توانای بەڵگاندن و دیارکردن و بڕیاردان بوون بە پێداویستییەکی بنەمایی لە هۆش و ئاگایی منداڵاندا، بۆ نموونە ئەگەر پێشوتر ئەرکی مامۆستا هاندانی فێرخواز بۆ خوێندنەوە و ئەزبەرکردن بوبێت؛ هەنووکە ئەرکی مامۆستا بریتییە لە هاندانی فێرخواز بۆ "ناسینی زانیارییەکە و بیرکردنەوە لە خۆیان" هەربەهۆی ئەمەوەیە کە تایبەتمەندییەکی پەروەردەی هاوچەرخ بریتییە لە گەشەدان بە بیرکردنەوە و خود-ئاگایی، کە کارامەییەکی نەرمی سەردەمە، کەواتە فێرگەی نوێ پێویستە منداڵ فێری لێهاتوویییە هزرییەکان بکات .(Harari, 2018, p 260-261)

لێهاتوویییە هزرییەکان بە کارکردن بۆ گەشـــەدان بە بیرکردنەوەی فێرخواز دەکرێ، بە گەشـــەدان بە بیرکردنەوە، فێرخوازێکی بەرپرس، تواناداربۆ پیادەکردنی توانا ســـروشـــتییەکانیی بەرهەمدێت، هەر

لەڕێگەی کارکردن لەگەڵ بیرکردنەوە کارامەییەکانی وەک "بەیەکەوە بەستنەوەی ئایدیاکان، هەڵهێنجان و ئەنجامگیری، شرۆڤە و شیکردنەوە، تێڕامان و توانای چارەسەر" دەستەبەر دەکرێت (الأشقر، ٢٠٢٠، ٢)، بۆ نموونە کارامەییەکانی "هەڵبژاردن، بەڵگاندن و بڕیاردان" کە، ڕەگەزە بنەماییەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەن .

ژیانی ئایینده مرۆڤێکی دەوێت کە هەڵگری کارامەیی "ژیری" ئاستەبەرزبێت بەتایبەت لەبوارەکانی (بەڵگاندن و بڕیاردان)، بەپێی فەلسەفەی پەروەردەی هاوچەرخی "John Dewey, Yuval Noah Harari"ئەم کارامەییانە، بڕبڕەی پشتی پەروەردەی هاوچەرخن .

پێویستی بنیادنانی "کارامەیی بەڵگاندن و بڕیاردان" لەو بارودۆخەوە دێت کە زانیاری و هەڵبژاردنەکان بێشومار و زۆر و زیاد دەبن. ئەمە هەر لە "گەڕانێکی خێرای نێو ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت و سۆشیاڵ مێدیا، تاکو کڕینی پۆشاکێک، مۆبایلێک" بۆ کڕین و بە دروست دانانی هەریەک یەکێک لە ئەمانە پێویستمان بە شارەزایی و ڕاهێنان و زانین و زانیاری لەبارەکانی "بەڵگاندن و بڕیاردان" هەیە کە لە فێرگە و پەروەردەوە کار بۆ بنیادنانیان دەکرێت. توانای بڕیاردان، لەو ژینگەیەی خوێندن سەرهەڵدەدات کە تیایدا مەعریفەی تیۆری بەشێوەیەکی کرداری لە چالاکییەکانی فێرخوازدا بەرجەستە دەکرێت، بەتایبەت ئەو جۆرە کەرەستە و مەعریفانەی کە پەیوەندیدارن بە: "درککردنی کێشە، بیرکردنەوە لە نادیارییەکان، تێمان، هەڵبژاردنەکان، متمانەبەخۆبوون، پێداگری و دۆزینەوەی دژبەرییەکان، پرسیارسازکردن نەک پێدانی وڵامی ئامادە" دواجار بەهۆی ئەمانەوە فێرخواز بوێری بیرکردنەوەی لە دەرەوەی سندوقەکە "Thinking Outside the Box"ی دەبێت، ڕادەهێندرێت بۆ بیرکردنەوە بەشێوازێکی داهێنەرانە و توانای لەخۆگرتنی گۆڕانکاری و بارودۆخی نوێی دەبێت، هەموو ئەمانە وەک پاکێجێکی دەستەجەمعین بۆ بنیادنانی کارامەیی هەڵبژاردن، بەڵگاندن و بڕیاردان، چونکە هەریەک لە ئەمانە پەیوەستن بە یەکترییەوە کە دواجار یەکتری دەگەیەنن بە دۆخێکی پێشکەوتووتر .(Romera, 2020, p 100) لێرەوە بۆ گەیشتن بە بڕیاری دروست و لێکجوداکردنەوەی لە بڕیاری نادروست و نزیکبوونەوە لە دڵنیاییەکی زیاتر؛ پێویستە تواناسازی فێرخواز لەبواری هونەری بەڵگاندن و سەلماندن-دا بکرێت، کەواتە هونەری بەڵگاندن یاخود ئارگیومێنت چییە؟

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

هونەری بەڵگاندن "ئارگیومێنت" بریتییە لە گفتوگۆ و بەڵگاندن بۆ بابەتێک لەپێناو ئاشکراکردنی دیوە نائاشکراکانی یاخود بەرگریکردن لە بۆچوونێک لەپێناو گەیشتن بە ڕاستێتییەکەی و سەلماندنی، ئامرازی بناغەیی ئارگیومێنت بریتییە لە لۆژیک و لۆژیکیش لقێکی فەلسەفەیە. کەواتە لۆژیک چییە؟ لۆژیک توانای بیرکردنەوەی دروستە، چوارچێوەیەکە بۆ بیرکردنە لە دیاردەکانی دەوروبەر بەشێوەیەکی بابەتییانە و مەبەستدارانە، سەبارەت بە ئارگیومێنت لۆژیک ئامرازێکە بۆ دۆزینەوەی ئارگیومێنتی دروست و

جیاکردنەوەی لە ئارگیومێنتی نادروســـت (ڕەفیق، ٢٠١٤، ٢٤). ژمارەیەکی زۆر جۆری بەڵگاندن هەن، بەڵام بەناوبانگترینیان بریتییە لە بەڵگاندنی "پێوەری "Syllogism-ئەمجۆرە بەڵگاندنە, بریتییە لەپرۆسەی گواســـتنەوە یاخود هەڵهێنجانی دەســـتەواژەیەک لە دەســـتەواژەیەکی دیکە، بە واتایەکی دیکە بریتییە لە گواستنەوەی هزر لە بابەتێکەوە بۆ بابەتێکی دیکە، بەشێوەیەکی ئاوەزی و زانینی پەیوەندی و زەرورییەتی مانا و دەرکێشراوەکانیان (جەباری، ٢٠١٥، ٤٣) لەلایەکی دیکە دەتواندرێت ئارگیومێنت وەک میتۆدێک بۆ زانین ڕەچاوبکرێت، چونکە ئارگیومێنتی بەهێز ڕاســـتی ئاشـــکراتر دەکات بەمەش زانین دەخاتەوە، ئەم کەڵکەی ئارگیومێنتیش بووەتە پاڵهێزێکی دیکە بۆئەوەی ئەمڕۆژانە پرسی بەڵگاندن"ئارگیومێنتسازی" وەک کـارامەییەکی بواری پەروەردەیی دابنرێـت، چونکە پەیوەنـدییەکی بەهێز لەنێوان ئـارگیومێنـت لەگەڵ ڕەخنەکردن و ئاستی بەرزی بیرکردنەوە(Higher-Order Thinking) دا هەیە کە دواجار ئەم کارامەییە خود-ئاگایی فێرخواز بەرزدەکاتەوە.(Medina, 2013, p 483)

پێویستی گەشەدان بە هونەری بەڵگاندن لە کایەی پەروەردەدا بەشێوەیەکی خێرا لە دوو دەیەی ڕابردودا دەرکەوتووە، ئەمەش بەهۆی پاڵپشتی و پێشوازی مامۆستایان و فێرخوازان لەمجۆرە کارامەییە هەنووکە لە ڕۆژئاوا کاری لەسەردەکرێت و وەک پێداویستییەکی نوێی بۆ کارکردنی پەروەردە سەریهەڵداوە کە پێویستە ئەم بوارە لە پرۆگرامی خوێندن و میتۆدی وانەوتنەوە و کۆی ژینگەی خوێندن جێبکرێتەوە (Medina, 2013, p 483).

لەبواری جێبەجێکردنەوەی ئـارگیومێنـت بریتییە لە ئەنجـامگیرییەک کە تیـایـدا ژمـارەیەک پێشـــەکی "گوزارە" دەخرێنەڕوو بۆ پاڵپشـــتیکردنی گوزارەیەک یاخود ژمارەیەک گوزارەی دیکە، مەرجە لەنێوان پێشـــەکی و ئەنجامدا پەیوەندی و دروســـت و ڕاســـت هەبێت، پەیوەندی دروســـت ئاماژەیە بۆ دروســـتی دەســتەواژەکە لەلایەنی ڕێزمانییەوە، پەیوەندی ڕاسـت ئاماژەیە بۆ ڕاسـتی بەڵگەکە لەیانەی واقیعی و ژیانی ڕاســـتەقینەوە، نمونەی ناواقیع وەک "دوێنێ ئێوارە شـــاخێکی باڵدارم بینی" ئەمە لە ڕووی ڕێزمانییەوە دروسـتە، بەڵام لە ڕووی واقیعەوە ناڕاسـتە، چونکە شـاخ باڵی نییە، نافڕێت. نموونەی ڕاسـت و دروسـت وەک؛ "سەرجەم مرۆڤەکان بمرن، ئازاد مرۆڤە، کەواتە ئازاد دەمرێت" (جەباری، ٢٠١٥، ٤٣).

بەشێوەیەکی گشتی کارامەیی بەڵگاندن لە سێ توخم پێکدێت:

1- پێشەکییەک یان زیاتر کە لە ڕێگەیەوە بەڵگاندن و سەلماندنی دروستی ئەنجامێک ڕادەگەیەنین.

2- دەرئەنجامێک کە بە زەرورەت لە پێشەکی"پێشەکییەکان"ەوە هەڵهێنجدرابێتن.

3- بوونی پەیوەندییەکی لۆجیکی و بابەتییانە و واقیعی لەنێوان پێشـــەکی و ئەنجامە هەڵهێنجدراوەکە کە پێشەکی و ئەنجام بەیەکەوە دەبەستێتەوە (جەباری، ٢٠١٥، ٤٤).

فەیلەسوفی ئەمریکی تۆماس کوهن"١٩٢٢-١٩٩٦" پێیوایە لەپێناو تێگەیشتن لە زانیاری و گەیشتن بە زانین فێرخواز پێویستی بە کارامەیی بەڵگاندن هەیە، چونکە لە بەڵگاندندا ئاگایی و تێگەیشتن؛ لە پەیوەندیدارێتی و ناپەیوەندیدارێتی زانیاری و بەڵگە و پێکهاتەکانیان بەرزدەکاتەوە، ئەمەش ڕێگەخۆشکەرە بۆ بەرزکردنەوەی خواستی فێربوون لای فێرخواز، ئەم ڕۆڵە گرنگەی ئارگیومێنتسازیی؛ وادەکات فێرخواز دووبارە تێگەیشتن و دونیابینی بۆ دیاردەکانی دەوروبەری پێناسە بکاتەوە و لێکدانەوە و ڕاڤە و پێکەوەلکاندن و ڕوونکردنەوەی مەعریفە و داتاکان بکاتە بوارێکی بناغەیی بیرکردنەوەکانیی. بەهۆی ئەم بەڵگانەیە کە هەنووکە لە زۆرینەی زانکۆکانی ئەمریکا و ئەوروپا بابەتی ئارگیومێنتسازی لە ساڵی یەکەمی کۆرسەکانی خوێندندا دەخوێندرێت، هەروەها لە پاڵپشتییەکانی "پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپا" وەک چەمکێکی بناغەیی بۆ فێربوونێکی هەمیشەیی دیاریکراوە(Medina, 2013, p 484) ، پەیوەندیدارە بەم بوارە "پاوڵۆ فرێری" دەڵێت: "ئەگەر بمانەوێت نەریتی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لای فێرخواز بچێنین؛ پێویستە وشەکانی: "بۆچی؟ چۆن؟ کارامەییەکانی 'سەلماندن و بەڵگەهێنانەوە' لای فێرخواز و فێرکار پەرەی پێبدرێت و لە وانەکاندا کاری پێبکرێت" (فرێری، ٢٠١٩، ٣١٥).

-دووەم: کارامەیی فێربوونی فێربوون :Learning to Learn-

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

ئەمجۆرە کارامەییە بریتییە لە توانای ئەنجامدان و بەردەوامیدانی فێربوون، لەپێناو بە نەریت-کردنی خۆ-فێرکردن. ڕێکخستنی کات و مامەڵە لەگەڵ زانیاری و دیاردەکانی دەوروبەر لە ئاستێکی ئاست و کۆمەڵدا ئامرازی گرنگن لە پیادەکردنی کارامەیی فێربوونی فێربوون. لەم کارامەییەدا هۆشیاری و ئاگایی خودی لە پرۆسەی فێربووندا وەک پێداویستییەک دیاریدەکرێت. پێناسەکردنی دەرفەتەکان، توانای زاڵبوون بەسەر بەربەستەکان لەپێناو فێربوونێکی سەرکەوتووانە پاڵنەری بەهێزی بەرجەستەبوونی کارامەییەکەن. ئەم کارامییە بە مانای بەدەستهێنان، پرۆسێسکردن و ڕەنگدانەوەی مەعریفەی نوێ لە بزوتن و هەڵوێستەکانە. فێربوونی فێربوون بەشدار دەبێت لە لەپێشترین-دانانی فێربوون و ئەزموونکردن و پەیڕەوکردنی لەسەرجەم ئاست و بارودۆخە جیاوازەکانی ژیاندا وەک: "لە ماڵەوە، لەسەر کار، لە خوێندن و ڕاهێنان و خوتن و خواردن"دا. پاڵنەر بۆ فێربوون، متمانە بۆ فێربوون بناغەی ڕیشەیی ئەم کارامەییەن (eur-lex.europa.eu).

سەبارەت بەم کارامەییە؛ کۆمیسۆنی ئەوروپا تێڕوانینەکانی بەمجۆرە جێگیر دەکات و پێیوایە: "کارامەیی فێربوونی فێربوون، بە مانای پاڵپشتیکردنی فێرخواز بۆ فێربوون؛ لە هەر تەمەنێکدا، بوارێکدا، ئاستێکی خوێندندا، لە ڕاهێنانی کرداری یاخود خوێندنی تیۆرییانەدا، لە پەروەردەی فەرمی یاخود پەروەردەی نافەرمی و گشتیدا؛ پێویستە ئەم کارامەییە بخرێتە پێشەوەی کارامەییەکانی دیکە، چونکە وەک

دەروازە و زەمینەیەک وایە بۆ لەبارکردن و ســـــازکردنی هزرییانەی فێرخواز بۆ توانـای لەخۆگرتن و فێربوونی کارامەییەکانی دیکە .(commission.europa.eu) "

لە بواری خوێندن و فێکردنی فێربووندا، ئەرکی ســەختی مامۆســتا تەنها گەیشــتن بە دەرهاویشــتەکانی فێربوون "Learning Outcomes" نییە، بەڵکو سەختی زیاتر ئەوەیە کە چۆن دەتواندرێت تاکێک ڕووە و فێربوون ئـاڕاســــتە بکرێت؟ لێرەوە ئەوە ئـاشـــکرا دەبێت کە فێربوونی فێربوون بریتی نییە لە فێربوونی زانیارییەکی دیاریکراو کە لە پرۆگرامێکی وشـــکی خوێندندا چەســـپێندراوە، بەڵکو فێربوونی فێربوون مەبەست فێربوونە وەک خو و نەریتێکی ڕۆژانە لەپێناو فێربوونێکی کاریگەرتر و مەبەستدارتر. هەروەک زۆرجار دەبینین بڕوانامەدارێک یاخود پیشـــەوەرێک لە پیشـــەکەیدا ســـەرکەوتوو نییە، هۆکاری ئەمە بۆ نەبوونی کارامەیی فێربوونی فێربوون دەگەڕێتەوە، چونکە بە ئامادەیی کارامەیی فێربوونی فێربوون "ئەو" ئەم کارامەییە وەک توخم و لێهاتووییەکی بناغەیی لەبوارەکانی: "کۆمەڵایەتی، پەیوەندی و گەیاندن، کاری دەستەجەمعی، ڕێکخستنی کات، پلاندان و چارەسەرکردنی کێشە" پیادەدەکات.(Button 2006, p 4)

لەڕێگەی ئەم شـــرۆڤەوە دەبینین کە، ئەمڕۆژانە فێربوونی فێربوون پێداویســـتییەکی تاکە بۆ زانین و تێگەیشـتن و بەدەسـتهێنانی کار-یش. بەپێی ئەمە پێویسـتە تاک کارامەیی فێربوون بکات بە سـتراتیژییەکی ژیانی هەمیشـــەیی خۆی. ناســـین و زانینی لایەنی بەهێزی و لاوازی لە پرســـی فێربووندا لای تاکەکە؛ ئـامرازێکی دیکەی گرنگی پەیڕەوکردنی ئەم کـارامەییەن. پێویســـتییە یەکەمینەکـان بۆ فێربوونی فیربوون بریتییە لە فێربوون و ئاشنابوونی پێویست بۆ کایەکانی: "ئەدەب و وێژە، ژمارە و بیرکاری، لێهاتووی ئایتی و ســۆفتوێرد" کە ئەمانە پێداویســتییەکن بۆ فێربوونی زیاتر و دەروازەکانی فێربوون فراوانتر و فرەلایەنتر دەکەن.(eur-lex.europa.eu)

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

بۆ بنیادنانی ئەم جۆرە کارامەییە پێویســـتە تاک خواســـتی گوێگرتن و گفتوگۆ و گۆڕانگاری لەپێناو پێشـــخســـتن و چـارەســـەر لای خۆی بچێنێت، زیـاتر لەمەش پێویســـتە تـاک توانســـتی بیرکردنەوە لە بیرکردنەوەکانیی، شـــیکردنەوەی فێربوونەکانیی و ئەو بابەتانەی کە فێریان بووە؛ لەخۆیدا بەگەڕبخات، بەڕێگەی ئەمـانەوەیە کە ئـاســـتی گەشـــبینی و بیری ئەرێنییـانە بۆ فێربوون لە فێرخواز "تـاک"دا بەرزتر دەکاتەوە، یارمەتی دەدەن بۆ فێربوونێکی سەرکەوتووانە بە درێژایی ژیان .(eur-lex.europa.eu)

فێربوونی فێربوون لە کـایەی پەروەردەدا فێرخواز لەگەڵ بەهـا پەروەردەییەکـانی وەک: "ڕێزگرتن، لێبوردەیی، گۆڕنکاری و هاوکاری، گەشـــبینی و گەشـــەدان" ئاشـــتدەکاتەوە، لێرەوە بنەمایەکی گرنگی پەروەردەی هـاوچەرخ دێتەدی کە بریتییە لە ڕەچـاوکردنی خواســـت و ئـارەزووی فێرخواز بۆ فێرگە و خوێندن، چونکە لە فێربوونێکی لەمجۆرە ئاگایی فێرخواز لە چوارچێوەی پرۆگرامێکی وش و ئەزبەرکاریدا

نـابەسـتـرێتەوە، لێرەدایە فێرگە لە جێگەی ئەوەی ببێتە بە جێگەیەک بۆ گەیـانـدنی زانیـاری و تێئـاخنینی پرۆگرامێکی ناپەیوەندیدار بە ژیانی واقیعی فێرخوازەکەوە؛ فێرگە دەبێتە جێگەیەک بۆ فێربوون لەڕێگەی "جوڵە و بەریەککەوتن، یارییە سـەرگەمییەکان، مامەڵەی لە ناو پۆل و دەرەوەی پۆل"، دواجار بە بنیادنانی ئەم جۆرە کـارامەییە "ئەو" نزیکـدەبێتەوە لە چـانـدنی "فێربوون بە درێژایی "Life Long Learning- لەخۆیدا .(Button 2006, p 5)

لەڕێگەی چاندنی ئەمجۆرە کارامەییە فێرگە چیدی چڕناکرێتەوە لە "بە کەوچکپێدانی زانیاری-Spoon" "feeding information، واتە بەڕێگەی بنیادنـانی کـارامەیی فێربوونی فێربوون ئیدی ئەو نیگەرانییە کەمدەبێتەوە کە، فێرخواز بەبێ پێدانی زانیاری لەلایەن مامۆسـتاکەیەوە؛ ناتوانێت فێرببێت، چونکە ئەو لێرەوە ئیدی وەک دیاردەیەکی خۆییانە مامەڵە لەگەڵ فێربوون-دا دەکات و فێربوون دەکات بە پرسـێک و دەیخـاتە پێشـتـرینی ئەزموون و بزوتنەکـانیی، بەمجۆرە فێرخواز ڕووە و بەهـاکـانی وەک: "مۆڕاڵێتی و هاوخەمی و گەیشتن بە ڕاستی و حەقیقەتی شتەکان" ڕەوت وەردەگرێت .(Button 2006, p 4)

لەو دۆخەدا کە مامۆسـتا کۆنتڕۆڵی زۆرترین لایەنەکانی پۆلی کردووە بۆ نموونە؛ مامۆسـتا دیاریدەکات کە: "چی فێربن، کەی فێربن، چۆن فێربون، دەر هاویشـتەی فێربون چی بن، کەی بە تاک یاخود کەی بە گروپ کاربکەن، نمرەدادەنێت، شێوە بەکۆی ژینگەی خوێندن دەدات" ئیدی مەزنترین دەرفەتی فێرخواز کە بریتییە لە گەشـەسـەندن "Progress" لە فێرخوازەکە دەسـەندرێت، بەڵام لەدۆخێکی پێچەوانەدا گەر لە فێرگەدا فێربوون لەپێناو فێربووندا بکرێتە نەریتێکی هەمیشـەیی فێرخواز و مامۆسـتا، لە فێرگەیەک کە فێربوونی فێربوون کراوەتە ئامانجی باڵای ژینگەی خوێندن؛ لێرەوە گەشـەسـەندن و چێژ و فێربوون و نوێگەری دەبن بە پرۆسـەیەکی هاوبەشـی نێوان مامۆسـتا و فێرخواز. لەڕوانگەی دەروونییەوە جیاوازی و پێچەوانەیی هەیە لەنێوان ئەوەی کە پێمـانـدەدرێـت لەگەڵ ئەوەی کە دەمـانەوێـت فێرببین، چونکە ئەو زانیارییەی پێماندەدرێت و لە پەرتووکی وانەکاندا جێکراوەتەوە وەک کەرەسـتەیەکی بەردەسـت و هەمیشـە هەبوو لێی دەڕوانین، بەڵام کاتێک فێربوون لەسـەر بنەمای زانیاری پێدراو چڕناکرێتەوە؛ فێرخواز هەردەم وەک کایەیەکی ""ناتێر" کە پێویسـتی بە دابینکردن و بەدەسـتهێنانە لێ دەڕوانێت و بەبێ پشـتەبەسـتن بە مامۆستاکەی شەڕی بەدەستهێنانی زانین و فێربوونی نوێ دەکات .(Button 2006, p 37-38)

بەگوێرەی ئەمە، فێربوونی فێربوون تەنهـا لە چوارچێوەی پۆل و پەرتووکەکـانـدا ڕونـادات، بەڵکو بە ئـامـادەیی ئەم کـارامەییە پرسـی فێربوون لە تەواوی گۆشـە و ڕەهەنـدە جۆربەجۆرەکـانی ژیـانی تـاک ڕەنگدانەوەی دەبێت، چونکە ئیدی فێرخواز لەوە تێگەیشـتووە کە فێربوونی ئەو؛ هۆکاری سـەرەکییە بۆ گۆڕانکاری و بنیادنانی سبەینێیەکی باشتر بۆ ئەو، بەمەش ئەو ڕۆژانە ئەوەی فێریدەبێت بابەتی نوێ، زانینی

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

نوێ، شارەزایی و ئەزمونێکی نوێ-یە، لێرەوە ئەو لەکاتی سەرنەکوتنێک، شکستێک، بەدەستنەهێنانێک، نەگەیشتنە ئامانجێک، ئەنجامدانی کارێکی هەڵە؛ لەجێگەی ڕەشبینی و مانەوە لەخەم و سەرکزی و بێئومێدیدا؛ هەڵەکان وەک دەرفەت بۆ فێربوون و گەشەپێدان و گۆڕانکاری و باشتربوون وەردەگرێت و بەکاریدەهێنێت.

-سێیەم: کارامەیی کۆمەڵایەتی و مەدەنییەت

کارامەیی کۆمەڵایەتی و مەدەنییەت بریتییە لە ڕۆنشبیرکردنی مرۆڤ بۆ ڕەفتارنوادن لە لایەنی "تاکایەتی، نێوان کەسەکان" لەسەر ئاستی "کەلتوری خۆیی و کەلتور و بەها جیاوازەکان" لە ژیان "ماڵەوە و کاردا"، ئامادەیی تاک بۆ بەشداری تەندروستییانە لە ژیانی مەدەنییانەی کۆمەڵگەدا-eur lex.europa.eu)).

لەم سەردەمی گۆڕانکارییە خێراکان؛ گۆڕانکارییەکان کاریگەرییان لەسەر گۆڕینی ستایلی ژیان، نەریت و پێکهاتەی پەیوەندییە کۆمەڵایتییەکان دەکات و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ڕووە کۆمەڵگەیەکی نوێ ئاڕاستەدەکات، ئەمەش ئاماژەیەکی ئاشکرایە تاکو درکی ئەوەبکەین کە پێویستە لە پەروەردەدا کار بۆ بنیادنانی کارامەیی مەدەنییەت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەڕێگەی پەروەردەکردنی هەڵچوونە خودییەکانی فێرخواز بۆ "کۆمەڵگەی نوێ" بکرێت و فێرخواز کە دواجار دەبێتە ئەندامێکی کۆمەڵ ئامادەبێت بۆ ژیان لەنێو و لەتەک ئەوانی دیکەدا .

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

ڕەنگە ئەوە ئاشکرابێت کە کارامەیی بریتییە لە پرۆسەی لەبارکردن و سازکردنی تاک لەپێناو پیادەکردنی مەعریفە، مەبەست و بارودۆخێکی خوازراو لە ڕێگەی ئەو فێربوون و ڕاهێنانەی کە ئەو پیایدا تێپەڕدەکرێت، بەهۆی ئەمەوە فێرگە دەتوانێت ڕۆڵی بناغەیی ببینێت لە چاندنی کارامەییەکان، بۆ نموونە؛ "کارامەیی پەیوەندی، ئاگایی کەلتوری، ژینگەپارێزی و مەدەنییەت"، کەواتە ئەرکێکی هەنووکەیی پەروەردە بریتییە لە ئامادەکردنی تاکێک کە توانستی ژیانی کۆمەڵایەتییانەی هاوسەنگی هەبێت، هاوسەنگ لەلایەنی: "دەروونی، ئاوەزی، لەشی، لێبوردەیی، بەرگریکردن، خۆشویستن و زاڵبوون بەسەر کێشەکاندا، توانای چارەسەرکردنی کێشە" ئەمانەش بە کارکردن لەبارەی چالاککردنی بیرکردنەوە ڕووەو بنیادنانی کارامەیی و تواناسازییەکانی تاک دەکرێت، بەگوێرەی توێژینەوە زانستییەکان؛ نوێترین کارامەیی لەبواری فێرگەدا بریتییە لە کارامەیی کۆمەڵایەتی و مەدەنییەت .(Romera, 2020, p 99-100)

لەلایەنی ڕوکارییەوە یەکێک لە نیشانەکانی کارامەیی کۆمەڵایەتی و مەدەنییەت بریتییە لە کارکردن لەنێو گروپدا، ئەمەش واتە پەسەندکردنی ڕێسا و نەریتەکانی دیموکراسی و متمانە بە خۆ و بە ئەوانی دیکە، هەموو ئەمانە ڕەگی بەهاکانی کۆمەڵگەن و باڵکێشی بنیادنانی کارامەییە کۆمەڵایەتییەکانە و یارمەتی

فێرخواز دەدات بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان بەبێ ناچاربوون بە بەکارهێنانی توندوتیژی و هەڵواردن (Romera, 2020, 103).

ژیانی مەدەنییانە پەیوەســـــت بە دوو جۆر لێهاتوویی دیکەوە پیادە دەکرێت، یەکەم: ئاگایی خودییانە، دووەم: لێهاتوویی ئامادەیی و بەشـــداریی لە کۆمەڵگەدا. ئاگایی خودییانە ئاماژەیە بۆ توانســـتی تاک ڕووەو شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی دیاردە و ئارگیومێنتە گشتییەکانی سەرئاستی کۆمەڵگە و گەیشتن بە ئەنجامێکی ئاوەزییانە. لێهاتوویی ئامادەیی لە کۆمەڵگەدا ئاماژەیە بۆ توانســـتی کارکردن و ژیانکردن لەتەک ئەوانی دیکەدا، بۆ ئەم مەبەسـتە مەعریفە و شـارەزایی لە ژمارەیەک بابەتی دیکە پێویسـتن بۆ نموونە؛ "قسـەکردن لەسەر ستەیج، خۆبەیانکردن، توانای لۆبیکردن، ڕێبەرایەتیکردن، ڕەخنەکردن و ڕەتکردنەوە...هتد-eur " ((lex.europa.eu، لەپاڵ ئەمانەدا بنیادنانی کارامەیی کۆمەڵایەتی و مەدەنییەت پێویســـتی بە پیادەکردنی ژمارەیەک بنەما هەیە کە پێویســـتە لە ســـتراتیژییەتی پێداگۆجی و پەروەردەییانە لە فێرگە و دامەزراوە پەیوەندیدارەکاندا کار بۆ چاندنیان بکرێت:

1 - ژیانکردنی ئاشـــتی و شـــادییانە لەتەک ئەوانی دیکەدا، نموونە وەک: "لێبوردەیی، ڕێزگرتن لە ئەزموونی ئەوانی دیکە"

2 - بەشـداری و ئامادەیی دیموکرسـییانە لەبوارەکانی: "پرۆسـەی بڕیاری گشـتی، پابەندی یاسـا، ئاگایی بارودۆخە هەنووکەییەکان، هاوکاری و هەماهەنگی ئەرێنی لە ئاستی شار یاخود کۆمەڵگەدا."

3 - بەرزکردنەوەی توانای گوێگرتن و تێگەیشتن لە ئەوانی دیکە.

4 - ئـامـادەیی شـــعور و هەڵچوونەکـان بۆ گونجـان و پێشـــکەوتن لە پەیوەنـدییەکـانی وەک؛ "خێزان، دراوسـێ، هاوپۆل، هاوپیشـە، هاوشـار...هتد" ئامادەیی هەڵچوونەکان واتە ڕاهێنانی خودییانە بۆ سـازکردنی پەیوەندی تەندروست و هاوسەنگ بەجۆریک کە نەبێتە هۆی لەدەستدانی سەربەخۆیی خودی، لەهەمان کاتدا هەڵواردن و کۆنترۆڵکردنی ئەوانی دیکەی لێنەکوێتەوە.(Garcia-Cabrero, 2017, p 9-10)

بەمشـــێوەیە بە پیادەکردنی ئەم بنەمایانە لە ژیانی تاک و کۆمەڵگە؛ دیموکراســـی وەک ڕێگایەک بۆ ژیانکردن بەرجەستە دەبێت، لەمبوارەدا "دێوی" پەرتووکی "دیموکراسی و پەروەردە"ی لە ساڵی "١٩٤٨" لەپێناو بەیەکەوەلکاندنی پەروەردە بە ژیانی کۆمەڵایەتی و دیموکراســـییانەوە بڵاوکردەوە (دێوی، ٢٠١٩، ٢٢). لەلایەکی دیکەوە ئەگەر فێرگە گەرمکییەتی ســـەرنج و ئارەزووی فێرخواز بۆ خوێندن و فێرگە زیاد بکات، پێویستە کایەکانی پەیوەست بە ئاگایی گشتی کۆمەڵگە لەلایەنی سیاسی و کەلتوری و فەرهەنگییەوە بخرێنە بواری خوێنـدن و وانەوتنەوەوە، لەڕێگەی ئەمەوە پەروەردە کـاریگەتر و خوازراوتر دەبێـت لای فێرخوازەکان(Garcia-Cabrero, 2017, p 9-10)

بنیادنانی کارامەیی کۆمەڵایەتی و مەدەنییەت سەر بە پەروەردەی کردارییە کە، ئەمجۆرە پەروەردەیە باڵکێشی پەروەردەی هاوچەرخ و پێشکەوتنخوازە هەروەک "جۆن دێوی'١٨٧٩-١٩٥٢'" فەلسەفە پەروەردەییەکەی بۆ گرێدانی فێرگە بە کۆمەڵگەوە تەرخانکرد، ئەو لە پەرتووکی "فێرگە و کۆمەڵگە" تێڕوانینەکانی لەوبارەوە گەڵاڵە کردووە. دێوی پێیوایە فێرگە بەشێکە لە کۆمەڵگە و لێک جودا نابنەوە، بە دیدی ئەو بۆئەوەی فێرگە توانای ئامادەکردنی فێرخواز بۆ ژیانێکی کۆمەڵایەتییانەی هەبێت؛ پێویستە کەرستە و بابەتەکانی خوێندن لە واقیعی ژیانی کۆمەڵایتییانە و پرسە هەنووکەییەکانی ژیانی فێرخوازەوە پەیڕەوکرابێتن، واتە پێویستە فێرگە فێرخواز ڕووەو کارکردن و پێشکەوتن و هەماهەنگی کۆمەڵایەتییانە سەرقاڵ بکات، گەر فێرگە ئەمە نەکات وەک ئەوەیە هەمووان تیۆرییانە بزانن چۆن مەلەوانی دەکەن، بەڵام لە واقیعیدا توانای مەلەوانییان نییە (دێوی، ٢٠١٩، ٥٠). بە تێڕوانینی دێوی گەشەی ژیری منداڵ خێراتر و کاریگەرتر دەبێت لە خوێندنی بابەتە واقیعی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆی بەراورد بە بەستنەوەی ژیری ئەو بە زانیاری نێو پەرتووک و مامۆستاکەیەوە (دێوی، ٢٠١٩، ٤٢ .(

بە بڕوای دێوی زەرورە کە فێرگە ببەسترێتەوە بە گەشەپێکردنی پەیوەندی و بەها کۆمەڵایەتییەکان، چونکە بەڕێگەی ئەمەوە فێرخواز بەردەوام وەک پێویستییەک سەیری فێرگە دەکات، بۆ نموونە؛ زۆرجار دەبینین تاکێک کاتێک دەستی دەگات بە کارێکی خۆی، ئیدی لە هەر قۆناغێکی خوێندنی بێت دەستبەرداری دەبێت، چونکە بۆ ئەو کارەکەی زیاتر گەشە بە پەیوەندییەکانی و لێهاتووییەکانی دەدات بەمەش دەرەوە باشتر لە فێرگە گەشە بە کارامەییەکانی دەدات (دێوی، ٢٠١٩، ٧٨). ئەو پێیوایە منداڵ تەمەنی "٥" ساڵییەوە بەشێوەیەکی غەریزەییانە توانا و خواستەکانی بە لایەنە کۆمەڵایەتییەکان خەریک دەکات. ئەو لەو تەمەنەوە خۆ-خوازە و ئارەزووی لە خۆنمایشکردن و دەرخستنە لەنێو کۆمەڵدا، لەم باروددۆخەدا فێربوونی کۆمەڵایەتییانە؛ ئەزموون و شارەزایی منداڵ خێراتر دەکات، ئەگەر پەروەردە و فێرگە لەم ماوەدا بەشێوەیەکی دروست تواناسازی تیادا بکات، ئەو لە تەمەنی گەنجێتی و گەورەتریدا کارامەیی کۆمەڵایەتییەکانی لە ئاستێکی بەرز و پێویستدا خۆیان بەیان دەکەن (دێوی، ٢٠١٩، ٩٩-١٠٣.(

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

لە کەڵکە گرنگەکانی ئامادەکردنی منداڵ بۆ ژیانی کۆمەڵایەتییانە منداڵ ئامادە دەبێت بۆ:

- زیاتربوونی لەخۆبوردوویی و کرانەوە بەڕووی بەها کۆمەڵایەتییەکاندا.
- فراوانی دیدگای ئەو ڕووەو ناسینی سروشتی مرۆڤ و شرۆڤەی هەڵوێستەکانی.
- بەرزتربوونی ئاستی خۆگونجاندنی بە کەس و دیاردە جیاوازەکانەوە.
- پەیوەندیی خۆبژێوی و کارکردنی لە ئاستێکی بەرزتردا لەژیانی ئەودا ڕۆڵ دەگێڕن. (دێوی، ٢٠١٩، ٥١.(

ئەنجام:

1 - سەدەکانی ڕابردوو کارامەییەکان لەچوارچێوەی بابەتە ڕەق جەستەییەکاندا بوون، کارامەییە هەنووکەییەکان نەرم و هزرین.

2 - فەلسەفەی پەروەردی هاوچەرخ و دەوڵەتانی ئەوروپا کارامەییەکانی "بەڵگاندن و بڕیاردان، فێربوونی فێربوون، کۆمەڵایەتی و مەدەنییەت" لە پاڵ کارامەییەکانی دیکە؛ بە بناغەییترین کارامەییەکانی سەردەم جێگریان کردووە.

3 - کارامەییەکان لەڕێگەی پەروەردەوە کاریان بۆ دەکرێت، فێرگەی نوێ ئاماژەیە بۆ فێرخوازی هەنووکە بۆ کۆمەڵگەی نوێی.

4 - فێرگەی نوێ زانیاری بەشێوەی کەوچکپێدان نادات نە فێرخواز، بەڵکو لەجێگەی کارامەیی فێربوونی بەدرێژایی ژیان لە هزریاندا دەچێنێت.

5 - سەرجەم کارامەییە هاوچەرخەکان "بەڵگاندن، فێربوونی فێربوون، کۆمەڵایەتی و مەدەنییەت" توندوتۆڵ بەیەکەوەن و هەر یەکێکیان پاڵهێزی گەشەپێدانی کارامەییەکەی دیکەن بۆ یەکتری.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

References

**By Kurdish:**

1 - Jabbary, Hassan Hussein, (2015), Classic and Modern Logic, Published by Nareen, Erbil.

2 - Dewey, John, (2019), The School and Society, Translated by Jihad Mohammed, Published by Karo, Slemani.

3 - Rafeeq, Farooq, (2014), Logic and the Art of Argumentation, Published by Shvan, Slemani.

4 - Frère, Paulo, (2019), Pedagogy of Oppressed, Translated by Jihad Mohammed, Second Edition, Karo Publisher, Slemani.

5 - Al-Ashqar, Fars Ratib, (2022), the Philosophy of Thinking Learning, Translated by Hassan Hussein Sdeeq, University of Raparin.

6 - Alani, Aziz, (2015), Philosophy and Education, Second Edition, Chwarchra Publisher, Slemani.

7 - Fattah, Niaz Mohammed, (2018), The Process of Education in Global and Technology Age, Karo Publisher, Slemani.

８- Liedman, sven Eric, (2014), The History of Philosophical Concepts from Antient to present, Translated by Farsheed Sharify, Sardam Agency, Slemani.

９- Mohammed, Ahmed Alhaj, (2008), Philosophy of Education, Translated by Mohammed Amin Qaradaghi, Sardam Agency for Publishing, Slemani.

１０- Nassir, Ebrahem, (2013), the Science of Educational Sociology, Translated by Dana Nadir Mohammed, Published by Hazhar Mokryani Bookstore, Halabja.

By Arabic"

１１- Lalande, Andre, (2001), the Philosophical Vocabularies, Part 1, Second Edition, Published by Ouedan, Beirut.

１２- Al-Ajlawi, Lutfee, (2009), Philosophy of Education, Published by Altanweer, Beirut.

１３- Saliba, Jameel, (1385A), the Philosophical Vocabularies, Published by Dhawy Al-qarbi, Iran.

１４- Al-Hifni, Abdulrrahim, (without Year of Publish), the Philosophical Vocabularies, Zaidon Publisher, Beirut.

１５- Ali, Saeed Ismael, (1995), Philosophies of Contemporary Education, Episode of Alam Al-Ma3rifa, Al-Kuwait.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

１６- Farhan, Mohammed Jeloob, (1989), Studies in Philosophy of education, Mosul University, High Education Publisher, Mosul.

１７- Al-Majid, Abdullah and Others, (2013-2014). Philosophy of Education, University of Dimashq, Syria.

１８- Abulhadi, Nabil and Others, (2009), Skills in Language and Thinking, Third Edition, Al-maser Publisher, Arden.

１９- Al-Najihy, Mohammed Labib, (1992), an Introduction to Philosophy of Education, Al-Nahda Al-Arabiya Publisher, Beirut.

By English:

２０- Harari, Yuval Noah, (2018), 21 Lessons for the 21st Century, Published by Jonathan Cope, London, the United Kingdom.

２１- Strang, Juliet, Masterson, Philp, Button, Oliver, (2006), How to teach Learning-to-Learn in the Secondary School, www.crownhouse.co.uk Published by: Crown House Ltd, Carmarthen, Wales, the United Kingdom.

２２- Binelde, Garcia-Cabrero, (2017), Civic and Citizenship, Theoretical Models and Experiences in Latin America, Published by: Sense Publishers, Rotterdam, the Netherlands.

２３- John Dewey (1910). How We Think. Heath and CO. Publishers. New York.

２４- Cinque. Dr Maria and Kippers. Susan (2023). Soft Skills in Education: The Role of Curriculum, Teachers, and Assessments’. Research Paper. Regional Center for Educational Planning.

２５- Oxford Advanced Learner's Dictionary (2010). Eight's Edition. Oxford University Press.

References from Formal Websites and Published Magazine

２６- Key Competences for Lifelong Learning, (2006), The Official Journal of the European Union, L 394/10, on 30th December 2006, www.eur-lex.europa.eu0 Available at: EUR-Lex - 32006H0962 - EN - EUR-Lex (europa.eu).

２７- Council Recommendation on Key Competences for Lifelong Learning, (2018), European Commission, www.education.ec.europa.eu Available at: Council Recommendation on Key Competences for Lifelong Learning | European Education Area (europa.eu).

２８- Romera, Catalina Guerrero, and the others, (2020), Development Social and Civic Competence in the Classroom Through Art, Asian Journal Contemporary Education, Volume 4, Number 2, www.researchgate.net available at: https://www.researchgate.net/publication/347677903_Development_of_Social_and_Civic_Competence_in_the_Classroom_through_Art

２９- Medina, Sandra Gilabert, and the others, (2013), What is Meant by Argumentative Competence? www.reserachgate.net, available at: (PDF) What Is Meant by Argumentative Competence? An Integrative Review of Methods of Analysis and Assessment in Education (researchgate.net)

３０- Concise Routledge Encyclopedia of Philosophy (2000).

３１- Merriam-Webster. n.d. Skill. In Merriam-Webster.com Dictionary. Available online: https://www.merriam-webster.com/ dictionary/ skill (accessed on 15 April 2024).

３２- Laker, Dennis R., and Jimmy L. Powell. 2011. The differences between hard and soft skills and their relative impact on training transfer. Human Resource Development Quarterly 22: 111–22.

مجلة لآراك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

３３- Jeremy Lamri and Todd Lubart (2023). Reconciling Hard Skills and Soft Skills in a Common Framework: The Generic Skills Component Approach. Journal 11(6):107

３４- American Heritage Schools (2024). The Importance of Soft Skills in Education. (Accessed on: 10/5/2024). https://www.ahschool.com/blog/read-more/~board/blog/post/the-importance-of-soft-skills-in-education

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية